

سوهەیلا مەیهەمی

## سوهەیلا مێهەمی: بەمتمانەوە دەڵێم وێنە کۆڵەکەی شیعرە

خاتوو سوهەیلا مێهەمی یەکێکە لە ژنە شاعیرەکانی کوردستانی رۆژهەڵات، ئێستا لە سنە دەژی. کۆمەڵێ پرسیارمان ئاراستە کرد و ویستمان رازەکانی سەبارەت بە شیعر و شاعیرێتی بۆ ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ بدرکێنێ. بە سوپاسەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، لە رێی وەڵامەکانییەوە تێدەگەین باکگراوندێکی رۆشنبیریی باشی هەیە سەبارەت بە شیعر و دنیای ئەدەب بەگشتی، خۆشحاڵین کە لەم پەنجەرەیەوە سوهەیلا مێهەمی بە خوێنەران و ئەدەبدۆستان ئاشنا بکەین. ئەوەش بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین ئەم پەنجەرەیە بە کراوەیی بهێڵینەوە بە تایبەتی بۆ ئەو ئەدیبە گەنجانەی پەنجەرەیەکی روانینیان نییە و دەیانەوێ لێرەوە بەسەر خوێنەراندا بڕوانن و رازەکانی ئەزموونی خۆیان و دنیای ئەدەبیان بۆ ئاشکرا بکەن.

### ئەدەب و هونەر

١-٢

*بەر لەهەر شتێك دەمەوێ وەکو دەڵێن ئیعتراف بکەیت و کورتەیەکی ژیانی خۆت باس بکەی، ئامادەی؟

-من سوهەیلا مێهەمی لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە

بنەماڵەیەکی ئەدەبدۆست لە دایکبووم، واتە باوکم شاعیرە و هەر لە کاتی منداڵییمەوە بە وشەی جوان و دەقی جوان ئاشنابووم، دەبێ بڵێم هەر لە منداڵییەوە گوێچکەم بە تێکستی ئەدەبی ئاودراوە بە تایبەت ئەو ساتانەی باوکم شیعری مامۆستایانی گەورەی کوردی دەخوێندەوە دەبووە هۆی خەیاڵاتی جوان لە مێشکمدا. بەرەبەرە قۆناغەکانی خوێندنم تەواو کرد کە بەهۆی ئەوەی زمانی زاڵ، زمانی فارسی بوو لە ناوەندەکانی خوێندندا منیش شیعرەکانم بە زمانی فارسی بوو، بەڵام هەر لە خەڵوەتی خۆمدا بوو کە هێندێ جار بە مامۆستایانی ئەدەبیات پێشانم دەدا و هیچکات هەوڵی بڵاوکردنەوەیانم نەدەدا لەسەر کێش و سەروا و ئەوان باسمان دەکرد، بەڵام ماوەیەکی زۆر لە ئەدەب بە هۆی هێندی کێشەی ژیان دواکەوتم .. ئەوەی بە هونەر و ئەدەبیات ئاشنا بێت دەزانێ ئەوانەی دەست بۆ قەڵەم دەبەن ئەستەمە دەستبەرداری ئەو ڕێگایە بن بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆم دەستم کرد بە فێربوونی زمانی کوردی و دەستم کرد بە نووسینی شیعر بە کوردی واتە بەزمانی دایك لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکاندا بەشدارییم کردووە و زۆربەی شیعرەکانم لە گۆڤارەکانی ڕۆژهەڵات و هێندێ ڕۆژنامەی باشووریش بڵاوبووتەوە وەکو ئەزموونی ئەوانم هەیە ئێستایش لە بواری کۆمەڵناسی لە زانکۆدا دەخوێنم و کۆمەڵە شیعرێکم بەم زووانە لە چاپ دەدرێت.

*بەدەر لە پێناسە باوەکانی شیعر بەڕای خۆت چۆن پێناسەی شیعر دەکەی؟ یان شیعر بەلای تۆوە چییە و چی دەگەیەنێ؟

-بە بڕوای من شیعر واتە زمان، بەهۆی زمانێکی فانتازیایی کە مرۆڤ چێژ لە جوانییەکانی وەردەگرێ، شیعر گوزارشتە لە ئازار و جوانییەکانی ژیان بە زمانێکی شیعری کە هێندێ کەس تێکەڵ بە مۆسیقای زمانی دەکەن کە جیاوازە لە دەقی ساکار. گۆڕینی ئەو وێنانەی کە دەستیان لە ئازاریی مرۆڤدا زەق کردووتەوە و ئەو جوانیانەی پێویستی ژیانە بۆ دۆخێکی فانتازیایی کە لە تێکستدا بەرهەم دێت. بە واتای وشە، شیعر واتە زانست و ئاوەزی شاعیر کە ژیانەوەیە لە جیهانێکی جیاواز و توخمێکە چەشنی گۆڕینی ئەو وێنانەی کە بە شێوەیەکی دیکە دەردەکەون. لە مێژە شیعر لە بەرامبەری نەسردا دانراوە کە هەڵەیەکی گەورەیە شیعر خۆی لەگەڵ هیچ شتێکدا دانانرێت شیعر شتێکە کە دەتوانێ لە هەموو شوێنەکانی ژیان و جیهان ببیینی واتە لە بیرکاریدا لە زانستدا، لە پەیکەرتاشیدا، لە نەقاشییدا و ....تاد واتە شیعر نیگایەکی جیاواز لە هەموو هونەرەکانی دیکەدا شێوەی بینینی مرۆڤەکان

که به ئەستەم دەتوانی شێوە نیگایەکی جوان ببینی ئەوە شیعرە ئەڵبەت ئێمە ناتوانین راڤەیەکی گشتی لە شیعر بکەین چۆن شیعر خۆی هەموو کات لە تازەگەرییدایە و بەپێی رۆژ و هەنووکە خۆی شرۆڤە دەکات بە پێی نیگای شتەکان نیگای ئەو دەگۆڕدرێت واتە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا کارکردێکی جیاوازی هەبووە وەکو ئەوەی ئەرستۆ فەیلەسووفی مەزن باسی دەکات کە» کاری شاعیر ئەوە نییە باسی رووداوەکانی وەکو خۆیان بکات بەڵکو دەبێ بە ئەو شێوازە کە دەبووا رووبدا دەبێ بگوازێتەوە کە واتە شیعر، شعورە و زانستە بە جیهانێك کە ئێمەی لەخۆی گرتووە مەبەستم ئەوەیە ئێمە ناتوانین لە بازنەیەکدا شرۆڤەی گشتی لەسەر واتای هەر هونەرێك بکەین ئەو شرۆڤەیە حوکمی کۆتایی ئەو هونەرەیە، شیعر هەموو ئازارەکان و جوانییەکانی ژیان لەبەر دەگرێ و هەر رۆژ گۆڕانکاری دەکات لە بەرۆژبوونەوەی خۆی، هەروەها کە قەبانی دەڵێت: شیعرێك کە گۆڕانکاری لە ناخی مرۆڤ و جیهاندا نەکات شتێکی بێهوودەیە، هەروەها دەڵێت: پەیوەندی شاعیر و خەڵك پەیوەندییەکی مەودایی روخساری و ئاوێنەیی دایە. زمان سەرەکیترین دەوری شیعر دەگێڕێت کە بەهۆی زمانەکەیەوە چێژ لە پێکهاتە جوانەکانی وەردەگرین بەرهەمهێنانی زمانی شیعر گرنگترین ئەرکی شاعیرە و شاعیر لە زمانی دواندنی کەسانی دیکەدایە کە زمانێکی جیاواز دەخوڵقێنێ و لە پەیوەندی نێوان وشەکاندا مانای تازە دێنێتە ئاراوە کە ناخ دەهەژێنێ، لەوەدایە کە هەر شاعیرە زمانی تایبەت بە خۆی دەبێت. هەر وەکو پۆل رۆمپر دەڵێت: «لە شیعردا وشەکان هەوڵ دەدەن بۆ ئافراندنی لە دایکبوونی خۆیان.» تەنیا لە هونەری شیعر دایە وشەکان دەچنە نێو یەکەوە بۆ بەرزکردنەوەی مانای یەکدی. زمانی شیعری پێکهاتەیەکە لە فۆرم و نیشانەکانی دیکەی ئەو پێکهاتە کە بەردەنگ مەجبوور دەکات بەدوای دۆزینەوەدا بێ، ئەوە نییە کە ناوەرۆك شیبکەیتەوە و چونکە خۆی لە خۆیدا شیعر نامێنێت واتە بە شیکردنەوەی ناوەڕۆك شیعر دەکوژین جوانی شیعر لە شێواز و فۆرم و زمان و دەنگ و تاد پێکهاتووە. شیعر ئوسلوبێکی عەقڵانی دەگوازێتەوە بۆ ئوسلوبێکی گڕ و تین و هەست و سۆز. گواستنەوەی توخمێکی زمان بۆ توخمێکی دیکەی زمان.

*دیارە شیعرنووسین یەکێکە لە هونەرە قورسەکان بە چ وزە و توانایەکەوە بڕیارت داوە خۆت لەو بوارە بدەی؟

-تاکە شتێك منی بە شیعرەوە بەستووتەوە یەك وشەیە «عەشق». ئەوەی کە

من لە ئازارەکانی ژیان دوور دەخاتەوە، دوور خستنەوە وەك دۆزینەوە نەك فەرامۆشی، تاکە ڕێگایەکە لەوێ پێناسەی خۆم و هەروەها ئەو کۆسپ و تەگەرانە دەکەم کە ئاوێنەی ژیانی بوومەلێڵ کردووە بەگشتی شیعر بۆ من پەنجەرەیەکە یان دەرچەیەکە بتوانم دەرباز بم لە تەنگەژەکانی ژیان، کە چۆن بژیم و جیهانبینیەکە هەنگاوەکانم بەچڕتر هەڵگرم بەرەو خود دۆزینەوە، دۆزینەوەی ئەم ڕێگایە دیسان ئاسان نییە چۆن لەوێ لە بەرزەخەکان دەدوێ، بەڵام هاوارێکە بەسەر بێدەنگییدا و بێدەنگییکە بە واتای دەنگ هەڵبڕین.

*تۆ لەو باوەڕەدای وێنەی شیعری گرنگترین پێکهاتەی شیعرە و لە کاتی وەرگێڕانیدا ئەگەر ئاواز و ریتمەکەشی بڕوات وێنەکەی دەمێنێتەوە؟

-هەر لە سەرەتاکانی کەونارەکانی ژیان مرۆڤ بە وێنە دەستی بە نووسین کردووە تاکو ئێستای سەردەم و لە ڕێگای نەخشاندنی ئەو وێنانەوە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان مەبەستی خۆی رادەگەیاند، سەرەتای خوێندنی شیعر باکگراوندێك دەسپێدەکات کە خوێنەر بۆ خۆی رابکێشێ وەکو شیعری جوان و بەهێز ئەم باکگراوندە وا لە خوێنەر دەکات وێنەیەك بگوازرێتەوە بۆ چاو و مێشك و خەیاڵییدا ئێمە لە شیعری کوردییدا دەتوانیین بڵین وێنە و وێناندنمان هەیە بەردەنگ لە خوێندنەوەی وێنەی شیعری وێناندنێکی تایبەتی بۆ خۆی هەیە واتە وێناندن ئافراندنی وێنەیە لە چاوی خوێنەردا لێرەدا خەیاڵکردنەوە سەرەکیترین کەرەستەی وێنەیە یا خەیاڵکردنەوە داینامۆی وێنەیە. وێنە جگە لەوەی زمانی دەقی شیعر لە دەقی ساکار جیاواز دەکات وەکو مۆسیقای شیعر پانتایی زمان بۆ هێژاندنی عاتیفە بەرچاو دەکات. وێنە خەیاڵییەکانی جیهانی شاعیر لە شیعردا دەیخوڵقێنێ لە بەراوردی جیهانی واقیعدا کە خوومان گرتووە جیاوازی زۆرە و هەر ئەم جیهانی نوێ و سەیرەی شیعر دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە وردتر بە دەقدا بڕوانین. شاعیر بەس «دالەکانی» خۆی لە پێش چاوی خوێنەر رادەخات و دۆزینەوە و پەرژیانی بە خوێنەر دەسپێرێت. بۆ ئەوەی خوێنەر بە باشی لە هەستی نووسەر تێبگات وێنەسازی یەکێکە لە گرنگترین بەشی دەق، دەسپێکی شیعر بەوێنەوە دەسپێدەکات و دەقی شیعر لە پێکهاتەی لە وێنە جۆرواجۆرەکاندا دروست دەبێت لێرەدا بەمتمانەوە دەڵێم وێنە کۆڵەکەی شیعرە، وێنە هەموو خەیاڵکردنەوە لەخۆی دەگرێ و دەقی جوان هەڵگری وێنەیە. ئەوە دێڕەکانن کە هەڵگری وێنەن و لەگەڵ خۆیاندا خەیاڵ پەلکێش دەکەن، ئێمە شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەسمان هەیە کە شیعرەکانی تژییە لە وێنەی جوان، بەڵام ئەوەی کە بۆ وەرگێڕانی دەقێك جوانییەکان و پێکهاتەی شیعر دەتوانین

بپارێزین ئەوە کارێکی ئەستەمە و بۆ هێندێ لە پێکهاتەکان ناکرێ، وێنە لە هەر حاڵدا دەمێنێ بەڵام ئەو دەقی ئاهەنگین و دەنگ و ئەوانەی تایبەتە بە زمانە سەرەکییەکە لە وەرگێڕاندا دەمرێت و هێندێ زۆری لە جوانییەکانی ئەو دەقە لە دەست دەچێ. وەرگێڕان لە خۆیدا لە دەقە سەرەکییەکە دوور دەکەوێتەوە هیچکات وەکو دەقی سەرەکی نانووسرێتەوە و لە شیعردا زۆر خەسارە ئەگەر شیعرێ وەربگێڕدرێت ئەوە چەندەها شتی پێکهاتەی لە دەست دەدا و خەسارێکی گەورە دەبینێ ئەو دەقە هەرچەند وەرگێڕانە لێهاتووەکانیش نەیانهەوێ بە دەق خەسار بگەیەنن بەڵام هەر لە روانگەی ئاهەنگ و دەنگەوە خەسار دەبێنێ شیعر لەناو دەقەکاندا سەربزیوە و خۆی بە دەستەوە نادات لە وەرگێڕاندا ئەو زمانەی کە نابێتە زمانێکی دیکە و لە جیهانێکی فرە ڕەهەند دەسپێدەکات و ئامانجی زمانی لە پشتەوەیە و سرك و بزێوە خۆی بە دەستەوە نادات لە وەرگێڕاندا. گەورە شاعیری ئێرانی شاملو دەڵێت: «وەرگێرانی شیعر وەکو ئەوەیە بولبولێك سەر ببڕیت بۆ خواردنی گۆشتەکەی، بەڵام بولبول بۆ چریکاندن سوودی لێ وەردەگرین.» لەهەر حاڵدا وەرگێڕانی شیعر خەسارێکی گەورەیە لە رەهەندێکی دیکە کە ئەو زمانی وەرگێڕاوەکە چۆن پێناسەی زمانە سەرەکییەکە دەکات کاتێك لەو زمانەدا نەژیاوە لە شیعردا کۆمەڵێك توخم یەکدەگرن کە وەرگێڕ ناتوانێت ئەوانە لە تەرجەمەکەیدا بهێنت و ئەمە گەورەترین خەسار لە شیعر لە زمانە سەرەکییەکەی.